پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لە پۆشینی جلی ئاوریشم (بۆ پیاوان)؛ مەگەر بە ئەندازەی دوو یان سێ یان چوار پەنجە نەبێت

لە عومەری کوڕی خەتابەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لە پۆشینی جلی ئاوریشم (بۆ پیاوان) مەگەر بە ئەندازەی ئەوەندە نەبێت؛ وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەردوو پەنجەکەی بۆ بەرز کردینەوە: پەنجەی شایەتمان وپەنجەی ناوەڕاست». ولە گێڕانەوەی (مسلم)دا: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لە پۆشینی جلی ئاوریشم (بۆ پیاوان)؛ مەگەر بە ئەندازەی دوو یان سێ یان چوار پەنجە نەبێت».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لە نێرینە لە پۆشینی جلی ئاوریشم مەگەر بەو ئەندازەیە نەبێت کە دیاریکراوە، وئەوەی دیاریکراوە لەم فەرموودانەدا هێندەی دوو پەنجەیە هەتاوەکو چوار پەنجە، بۆیە هەتا چوار پەنجەش بێت ئاساییە چونکە زۆرینە وەردەگیرێت کە گێڕانەوەی (مسلم)ە، بۆیە هێندەی چوار پەنجە قوماشی ئاوریشم بە جلەوە هەبێت ئاساییە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3002